**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارە: ١٥٦٦/٣/٤ لە ٢٠١٨/٧/٨**

## بەیانی ساڵی ٢٠١٨

پشت بەحوکمی مادده (٨)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وقایعی کوردستان) و، لەبەر ئەوەی هەڵەی چاپ لە کوردی و عەرەبی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ (یاسای هەمواری یەکەمی هەمواری جێبەجێکردنی یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق)، بۆیە بەپێویست زانرا هەڵەکان راست بکرێنەوە و، دەقەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:

١ـ بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٣)ی یاساکە بە زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

دووەم: ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابوو لە کاتی لێخورینی سوارۆیەکە بە سەرکێشی (رعونة)، یان بێ باکی (استهتار)، یان شوفێرەکە لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکار (مسکر)، یان هۆشبەر (مخدر) بوو بێت، یان یارمەتی ئەو کەسەی نەدابێت کەوا تاوانی لێکراوە، یان داوای یارمەتی نەکردبێت بۆی لەگەڵ بوونی توانای یارمەتیدانی، ئەوا سزاکەی دەبێتە بەندکردن (الحبس) بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٣) سێ ساڵ زیاتر نەبێت وە بە پێبژاردنێك کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن وپێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، لەگەڵ لێراکێشانەوەی مۆڵەتی لێخورین بۆ ماوەیەك لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت.

٢ـ بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٣)ی یاساکە بە زمانی عەرەبی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ثانياً: تكون العقوبة الحبس مدة لا تقل عن سنة واحدة ولا تزيد على (٣) ثلاث سنوات و بغرامة لا تقل عن (١٠٠٠٠٠٠) مليون دينار ولا تزيد على (١٥٠٠٠٠٠) مليون وخمسمائة ألف دينار، مع سحب إجازة السوق لمدة لا تقل عن سنة واحدة إذا ارتكبت الجريمة أثناء قيادة المركبة برعونة أو استهتار أو كان السائق تحت تأثير مسكر أو مخدر أو لم يقم بمساعدة من وقعت عليه الجريمة أو لم يطلب له المساعدة مع تمكنه من ذلك.

**بێگەرد دلشاد شكرالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**